# گۆژی گەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات

ژمارە (199) یەکشەممە 2-12-2007


## ئۆستراليا سەربازەکانی خۆی لە عێراق دەکێشێتەوە

سەرۆکوەزیرانی نوێ ئۆسترالیا **کیفن رۆد** رۆژی هەینی 30-11-2007 ئاشکری کرد کە وڵاتەکەی سەربازەکانی خۆی لە عێراق دەکێشێتەوە.

رادیۆی مۆلبرن لەزاری سەرۆکوەزیرانەوە رایگەیاند کە ناوەڕاستی ساڵی 2008 سەربازەکانی ئۆسترالیا لەعێراق دەکێشرێنەوە،

سەرۆکوەزیران ئاشکری کردووە کە لەم بارەیەوە دانوستاندنیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووەو پێیان ڕاگەیاندوون کە ئەوان سەربازانی خۆیان لە عێراق دەکێشنەوە، بەڵام ژمارەیەک سەربازی ئۆسترالیا وەکو هێزێک بۆ پاسەوانی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیان لە بەغداد دەمیننەوە، چاودێران ئەو بڕیارەی ئۆسترالیا بۆ بێهیوایی لە باشبوونی رەوشی ئاسایشی عێراق دەگێڕنەوە، پێیانوایە داهاتوویێکی تاریک چاوەڕوانی عێراق دەکات.


ل 3 لە راگەیاندندا شین بۆ کەرکوک و ماددەی 140 دەکرێ

ل 4 فڕگەی هەولێرو کێشەی هاتووچۆی میوانەکانی

ل 5 کۆزۆقۆ لە سەربەخۆیی نزیک دەبێتەوە

ل 6 پرسیاری بێ وڵام

ل 7 بیرەوەریەکانم "زرار سلێمان بەگ"


# لە غیابی سەرۆکی هەرێم

# تورکیا لەشکرکێشی دەکات و ئاڵای بەعسیش لە هەولێر هەڵدەکرێ

دوای ئەوەی دوێنێ شەممە 1-12-2007 حکومەتی ئەنکارا فەرمانی بە سوپای وڵاتەکەی کرد دەست لە بنکەو بارەگای پارتی کرێکارانی کوردستان بوەشێنێ و لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بکات، سەرچاوەکانی هەواڵ رایانگەیاند کە لە ماوەی سەردانە نادیارەکەی سەرۆکی هەرێم هەم تورکیا لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان دەکات و هەمیش لەو کۆنگرەیەی کە چاوەڕوان دەکرێ لە هەولێر بەڕێوەبچێ ئاڵای عێراق کە بە ئاڵای بەعس دەناسرێ لە کۆنگرەکەدا هەڵبگرێ، ئەمانەش پێچەوانەی رامانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانن کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکردەوە، چونکە رێزدار مەسعود بارزانی راشکاوانە تیرۆریستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی باشووری رەت دەکردەوەو دووپاتیشی دەکردەوە ئاڵای بەعس کە لەژێریدا شاڵاوی ئەنفالکردن و بە سووتماککردنی کوردستانی بەڕێوەچووە لە کوردستان هەڵناکرێ و دەبێ پەرلەمانی عێراق بڕیار لە سەر ئاڵایێکی دیکە بدات، ئەو کات لەسەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەرز دەکرێنەوە.



جێگەی ئاماژەیە کە لەوەتەی سەرۆک بارزانی لە 24-11-2007 بۆ وڵاتێکی نادیار سەفەری کردووە، دەنگۆی جۆراوجۆر بڵاوکراونەتەوە، کەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆو دەرەکی بە شێوازی جیاواز خراونەتەوە روو، هەموو دەنگۆکایش لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە درۆخراونەتەوە، بۆیە چاودێران پێیانوایە کە رێککەوتنێکی نهێنی هەمەلایەنە لە ئارادایە و رێزدار بارزانی باوەڕی پێکراوە تا سوپای تورکیا لەوکاتەدا لەشکرکێشی بکات کە بەڕێزیان لە دەرەوەی وڵاتن، هەر ئەو کاتەش دەرفەتێک بۆ هەڵکردنی ئاڵای بەعس لە کوردستان برەخسێندرێ، بەڵام تا ئێستا ئەم دەنگۆیانەش لەلایەن هیچ ناوەندیکەوە سەر راست یان بە درۆ نەخراونەتەوە.

ئێمە هیواخوازین ئەمانەش وەکو دەنگۆکانی دیکە راست دەرنەچن، هەم تورکیا لەشکرکێشی نەکات، هەمیش ئاڵای بەعس لە کوردستان هەڵنەکرێ.

## بەرەی تەوافق ناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ کوردستان تۆختر دەکاتەوە

سەرچاوەکان ئاشکرایان کرد کە لیستی تەوافق وێڕای ئەوەی کە ناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ لیستی شیعەکان قوڵ کردۆتەوە، هەوڵی قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکانی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لایەنە کوردستانیەکانیش دەدات.

سەرچاوەکان رایانگەیاند کە پازدە ئەندام پەرلەمانی عێراق کە سەر بە بەرەی تەوافقن لە بەیاننامەیەکدا داوایان کردووە هێزە کوردستانیەکان و هێزی پێشمەرگە لە شاری موسڵ دەربکرێن و رێگەیان پێنەدرێ لەوە زیاتر ئاسایشی شارەکە بشێوێنن!!

بەگوێرەی بەیاننامەکە ئەو پەرلەمانتارانە هێزە کوردستانیەکان بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێواندنی باری ئاسایشی شاری موسڵ تۆمەتبار دەکەن و دەخوازن کە لەو شارە دوور بخرێنەوە، هەروەها داوا دەکەن کە گیراوەکانی شاری موسڵ ئەوانەی لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان راگیراون بۆ شاری موسڵ بگێڕدرێنەوە و پەروەندەکانیشیان بنێردرێنەوە دادگەی موسڵ.

ئەو پەرلەمانتارانەی بەرەی تەوافق داوایان کردووە کە ماددەی 140 پارێزگاری موسڵ نەگرێتەوە، هەروەها تەواوی ئەو بۆندە نەوتیانەش هەڵبوەشێندرێنەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا واژۆی کردوون.

ئەو پەرلەمانتارانەی بەرەی تەوافق داوا لە بەرەی تەوافق و سەرجەم لیستەکانی دیکە دەکەن تا هاودەنگیان لەگەڵدا بکەن و سکاڵای خۆیان بە پەرلەمان و حکومەتی عێراق بگەیەنن.

چاودێران ئەمە بە سەرەتای تەنگژەیەکی دیکە دادەنێن کە لەداهاتوودا کڵپە دەسێنێ.

## رۆژەڤ

دوای پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم تێکڕای کوردستانیان لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە ئەمانە دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانین، دەبێ گیانبازی و فیداکاری زۆرتریان بۆ بکرێ، واشدەخوازێ کە بزاڤی پارچەکانی دیکە رەوشەکە لەبەرچاو بگرن و تێکۆشانی خۆیان بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونە چڕ بکەنەوە، راستیەکەشی زۆرینەی هێزە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لێبڕاوانە پشتیوانیان لێکردو تێکۆشان و خەباتی خۆیان بۆ سەرخستنی دەکارکرد، تەنانەت ئەگەر هێزێکی کوردستانی ئەم چەمکەی بە راست نەزانیبێ و رەتی کردبێتەوە لەلایەن کوردستانیانەوە رەخنەی لێگیراوەو بە نابەرپرس چاوی لێکراوە.

دوای رووخاندنی رژێمی عێراق و زەقکردنەوەی ماددەی 140 تەواوی هەوڵ و تواناکان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان تەرخان کران، هەموو رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان ئامادەبوون کە بەشێک لە بۆچوون و رامانەکانی خۆیان بۆ داهاتوو هەڵبگرن و لەم کاتەدا تۆخی نەکەن نەبادا زیان بە کێشەی کەرکوک و ماددەی 140 بگەیەنێ، بەڵام ئێستا کە دەخوازرێ هەم ماددەی 140 و هەم خەباتی پارچەکانی دیکەش قوربانی ئەم بەشە ئازادکراوەی باشوور بکرێ، خوێندنەوەو لێکدانەوەی دیکە هزری کوردستانیان بەخۆیەوە خەریک کردووە. ئەگەر داواکردن لە هێزە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکە بۆ لەبەرچاوگرتنی رەوشی باشوورو سەرخستنی ئەزموونەکەی داوایێکی رەواو راستین بووبێ و ئەوانیش خۆنەویست و لەخۆبردووانە پشتیوانیان لێکردبێ و شانیان بۆ نزم کردبێ، بەڵام پێخشاندن و چاوپۆشی کردن لە کێشەی کەرکوک و ناوچە دابراوەکانی دیکەو ماددەی 140 بۆ پێگرتنی ئەزموونی باشوور! داوایێکی نارەوایەو بە زیانی دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی تەواو دەبێ، بۆیە دەبێ هێزە سیاسیەکان و تێکڕای کوردستانیان پێداگری لەسەر بکەن و شێلگیرانەتر بۆ گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دەست بە کاربن.

ئەو هێزە عێراقیانەی کە جاران خۆیان بە هاوپەیمانی کورد دادەناو لە رووکەشدا باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکرد، ئێستا راشکاوانە هەڕەشە دەکەن و دەڵێن: یان شەڕ یان دان بەخۆداگرتن و لە چاوەڕوانی گۆدۆی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بن! ئەم هەڕەشانە ناچارمان دەکەن کە نەک بە دەنگی بەرزترو یەکگرتووانەتر داوای یەکلایی کردنەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەو جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکەین، بەڵکو دەبێ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکاریەکانی داهاتوودا کۆنفرانسێکی نیشتمانی پێکبهێنرێ، هەم نوێنەرانی رێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و پیشەیی باشوور، هەمیش نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکە تێیدا بەشدار بن و لەسەر چۆنیەتی کارو خەباتی داهاتوو دانوستاندن بکرێ.

## دوای 9 ساڵ رفاندنی شەمدین ساکیک ئاشکرا دەبێ

سەر لە بەیانی رۆژی 13-4-1998 هێزەکانی دەزگەی میت لە باشووری کوردستان **شەمدین ساکیک** بەرپرسیاری پێشووی سەربازی پەکەکەیان ڕفاند، بەڵام تا ئەم دوایانە چۆنیەتی رفاندنی بۆ راگەیاندنەکان ئاشکرا نەکرابوو.

دوای نۆ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر رفاندنی شەمدین ساکیک ئێستا ئاشکرابووە کە ئەندامانی دەزگەی سیخوڕی تورک شوێن پێی ئەویان هەڵگرتووە، کاتژمێر 5ی بەیانی هەواڵیان پێدراوە کە خۆی و چەند پاسەوانێکی بە ئۆتۆمبێل لە دهۆکەوە بەرەو هەولێر دەڕۆن.

هەواڵگرانی دەزگەی میت جلی پێشمەرگە لەبەردەکەن و بە سواری 3 ئۆتۆمبێل بەدوای دەکەون، هەروەها هەواڵیشیان پێدەدرێ کە دوو هەلیکۆپتەری تایبەت لە سلۆپی دێن و لە شوێنی دیاریکراو دەیرفێنن، بۆیە کاتژمێر 7.25ی ئەو رۆژە لەرێگەی نێوان دهۆک- هەولێر هێزەکەی میت شەمدین ساکیک رادەگرن، هەلیکۆپتەرەکانیش دەگەنە جێ، ئیتر لە 7.30 شەمدین دەڕفێندرێ و بەرەو تورکیا دەبردرێتەوە، لەوێ لە دادگەدا سزای هەمیشەیی بەسەردا دەسەپێندرێ.

## دواکەوتنی گەشتی ئاسمانی نێوان ستۆکهۆلم- هەولێر ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

تایبەت بە **رۆژی گەل**: رۆژی 30-11-2007 لە گەشتی ئاسمانی نێوان ستۆکهۆلم - هەولێر تووڕەبوون و ناڕەزایی لێهاتەئاراوە.

سەرچاوەیەک بە **رۆژی گەلی** راگەیاند بڕیاروابوو هێڵی ئاسمانی ئوتریش ئێر کە فڕۆکەکانی خۆی لە کۆمپانیای ڤیکینگ لاین بە کرێ گرتووە لە رێگەی بەیروتەوە گەشتێک لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ هەولێر ئەنجام بدات، کاتژمێر 10ی ئەو رۆژەش فڕۆکەکە هەڵبستێ، بەڵام بەبێ ئاگادارکردنەوەی موسافیرەکان و هێنانەوەی هۆیێکی دیاریکراو گەشتەکە بۆ کاتژمێر 13 دواخرا، دواتریش بۆ 14 و پاشانیش بۆ کاتژمێر 16 بەوهۆیەشەوە موسافیرەکان ناڕەزایی خۆیان دەبرێ، لەبەردەم ئەو گەیتەی کە بۆ سواربوونی فڕۆکە دیاریکرابوو کۆبوونەوە، رەخنەیان لە بەرێوەبەرانی هێڵی ئاسمانی ئوتریش گرت، دەمەقاڵێ دروست بوو، دواتر هەڕەشەو بەیەک هەڵشاخانیشی لێکەوتەوە، هەروەها داوای پۆلیس کرا، بەڵام ئاکام کۆتایی پێهات و لایەنەکان ئاشت کرانەوە، سەرەنجام دوای 7 کاتژمێر چاوەڕوانی ئەوسا فڕۆکەکە بەرەو بەیروت هەڵفڕێ.

ژمارەیەک لە موسافیرەکان رایانگەیاند کە ئەوان دووچاری چاوەڕوانی و ماندووبوونی زۆر بوونەتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی کە فڕۆکەکانی ئوتریش ئێر کۆنەن و نرخی بلیتەکانیشیان گرانن ، کەچی دیسانیشەوە ئەوانیان پێباشترە تا رێگەی وڵاتانی دراوسێ.

موسافیرەکان لەرێگەی رۆژی گەلەوە خوازیاربوون کە سەرنجی ئەوان بە بەرێوەبەرانی هێڵەکە بگات تا زیاتر لەخەمی موسافیرەکان دابن.

## هاشم هیوای بە ئازاد بوون کەم دەبێتەوە

سەرچاوەیەک بە **رۆژی گەلی** راگەیاند کە سوڵتان هاشم هیوای بە سووکردنی سزاکەی و ئازادبوون نەماوە و لە دوایین نامەشیدا ئەمەی درکاندووە.

سەرچاوەکە جەختی کردەوە هەرچەندە کە تاریق هاشمی جێگری سەرکۆمار هەوڵی لێبڕاوانەی بۆ ئازادکردنی سوڵتان هاشم وەزیری بەرگری رژێمی بەعس داوە، رێزدار سەرکۆماریش بەڵێنی بە خزمانی سوڵتان هاشم دابوو کە ئازاد بکرێ، ئەمریکەکانیش حەز بە ئازادکردنی دەکەن، بەڵام حکومەتی نوری مالکی سوورە لەسەر هەڵوسینی سوڵتان هاشم لەپای ئەو تاوانانەی کە دادگەی باڵای تاوان لەسەری ساغ کردۆتەوەو بڕیاری لێداوە، بۆیە خودی سوڵتان هاشم لە نامەیەکدا بۆ بنەماڵەکەی بێهیوایی خۆی پێشانداوەو پێیوایە لەم نزیکانەدا لەگەڵ ئەوانەی دیکە هەڵدەواسرێن.





PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com